# کۆبونەوەی کۆمیتەی ئیمزا کۆکردنەوە و داوا کردن لە پەرلەمانی هۆڵەندی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی حکومەتی هۆڵەندی لە ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجە

**سەردار فەتاح**

**ئێوارەی ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی 26-06-2007 کاژێر 19،00 لە هۆڵی یانەی کوردی "میدیـــا" لە ئەمستردام یەکەم کۆبونەوەی (کۆمیتەی ئیمزا کۆکردنەوە و داوا کردن لە پەرلەمانی هۆڵەندی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی حکومەتی هۆڵەندی لە ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجە) سازکرا، بە ئامادەبوونی ئەم بەڕێزانە:**

**1- بەختیار بەکر، نوێنەری گەنجانی کوردی "میدیـــا."**

**2- سیدار بینگۆلی و دۆسگون، نوێنەرانی کۆمکاری باکور.**

**3- مەبەست جەعفەر نوێنەری یانەی کوردی "میدیـــا" لە هۆڵەندە.**

**4- سەردار فەتاح ئەمین، نوێنەری یانەی کوردی "میدیـــا" لە هۆڵەندە.**

**5- عەگید نوێنەری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکانی باکور.**

**6- دیندار کۆچەر، نوێنەری ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان.**

**7- گوهدار مەعسووم، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای Noord Holland .**



**سەرەتا بەختیار بەکر ئەرکی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکەی گرتە ئەستۆ و باسی مەبەستی ئەم کۆبونەوەیەی کرد. پاشان هەر کەسە و بۆچوونی خۆی لە بارەی ئەم پرۆسەیەوە خستە پێشچاو و ناوەڕۆکی کۆبونەوەکە بە گشتی باسکرا کە چۆن سەرەتا پێشنیاری پرۆسەیکی لەم جۆرە لە بەڕێز گوهدار مەعسووم، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای Noord Holland ەوە کرا پاش چالاکی ڕێکخراوە کوردیەکانی هۆڵەندە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی 18-03-2007 لە گۆڕەپانی دام لە ئەمستردام لە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە دا .**

**ئەویش پرۆسەی ئیمزا کۆکردنەوە و داوا کردن لە پەرلەمانی هۆڵەندی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی حکومەتی هۆڵەندی لە ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجە و فرۆشتنی هەزاران تۆن لە مەوادی کیمیاوی بە هۆی (فرانس فان ئەنرات)ەوە بە ڕژێمی لە ناوچوی عێراقی (سەدام حوسێن).**

چونکه گەورە بازرگانی چەکی کیمیاوی فرانس فان ئەنرات هەزاران تۆن لە مەوادی چەکی کیمیاوی لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتادا بە ڕژێمی حکومەتی بەعسی عێراق فرۆشتووە. جگە لە پەیداکردنی کەلوپەل و پێداویستیەکانی کارگەکانی وەبەرهێنانی چەکی گازی کیمیاوی بۆ ڕژێمی سەدام حوسێن.







ئەوە بوو هەموو دەزانین دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ئەپریلی ساڵی 2003 فرانس فان ئەنرات لە عێراقەوە هەڵهات و گەیشتەوە هۆڵەندە. لە 17 دیسەمبەری 2004 زانرا لە کوێ دەژی فەرمانی گرتنی لە لایەن دادگاوە بۆ لێکۆڵینەوە دەرچوو، لە دیسەمبەری 2005 دا حوکمی 15 ساڵی بەسەردا سەپێنرا. پاشان لە دوا دادگایی پیاچونەوەی حوکمەکەی بوو بە 17 ساڵ بەڵام بەداخەوە، ئەو کردەوەیە لە جینۆساید جیاکرایەوە و قوربانیانیش قەرەبوونەیگرتنەوە. ئەم ئەکسی و پرۆسێسە بۆ ئەوە بوو تا لێکۆڵینەوەی وورد لە ڕۆڵی حکومەتی هۆڵەندی بکرێت، لەم تێوەگلانەی فرانس فان ئەنرات بەم تاوانە گەورەیەی دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامی دراوە.

ئەوەبوو ئەکسیەکە لە سەرەتادا وا ڕاگەیەندۆرا کە بە ناوی ئەو کەس و ڕێکخراوانەی کە ئیمزای دەکەن داوا لە ژووری یەکەم و دووەم پەرلەمانی هۆڵەندی دەکەن، کە لێکۆڵینەوە، لەگەڵ حکومەتی هۆڵەندی دا بکرێت و ڕۆڵی ئەوان دیاری بکرێت  لەم مەسەلە کۆمەڵکوژیەدا، کە لە ماوەی چەند چرکەیەکدا 5000 مرۆڤی بێ دیفاع بە ژن و منداڵ و ژن و پیاو و پیرەوە بە شێوازێکی دڕندانە لەناوبراون. گوایەی داوای قەرەبووی زیان لێکەوتووان و کەسوکاری قوربانیەکانیش دەکرێتەوە.

هەروەها بەیان کرابوو کە پێویستە حکومەتی هۆڵەندی  ڕۆڵی کۆمپانیا و لایەنەکانی بەشداربووەکانی ئەم تاوانە دیاری بکات و ئەم کۆمەڵکوژیە وەک جینۆساید بناسێنێت و بەڕەسمی لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوانەوە، لە هەموو گۆڕانکاریەکانی ئەم پرۆسەیە خەڵکی کورد ئاگادار بکاتەوە.

واتە داننان بە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا و وەک جینۆساید بناسێنرێت کە دادگای تاوانەکانی عێراق ڕۆژی 24–06–2007 لە حوکمی عەلی حەسەن مەجید و هاوڕێکانیدا دانی پێدا نا  و داوای قەرەبووی زیان لێکەوتووان و کەسوکاری قوربانیەکانی کردەوە.
سەرەتا ئەم ڕێکخراوانە بەشداری پرۆسەی پرۆتۆستەکەیان کردبوو:

Initiatiefnemers (Initiators)
Statenlid Noord–Holland ،Gohdar Massom
Koerdische Jongeren en Studenten Unie (KJSU)
Federatie Koerden in Nederland (FEDKOM)

Koerdische Vereniging Midia in Nederland (Kvnmidia)
The Centre of Halabja (Chak)
Koerdische Jongerenraad in Nederland
International Kurdish Women Affairs in the Netherlands (IKWA)

**گوهدار مەعسووم ڕۆڵی هەریەک لە ڕێکخراوەکانی نرخاند و باسی ئیشوکارەکانی هەریەک لە کەسەکان کرد چۆن ماڵپەڕی یەکێتی قوتابیان و لاوان تەرخان کرا بوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەکسیەکە، کە دەبوایە 100 هەزار ئیمزا کۆبکرایەتەوە، بەڵام بەداخەوە لە ماوەی زیاتر لە سێ مانگدا لەسەر شاشەی ماڵپەڕەکە 21846 تۆمار کراوە بەڵام ڕاستیەکەی تەنها 5،613 ئیمزای ڕاستی بۆ پرۆسەکە کراوە، ئەوانی دیکە دووبارەن، ئەمەش وا دەکات کارەکەمان بەسەرکەوتوو لە قەڵەم نەدەین، بۆیە پێویستە ئێستە بە شێوەی کارکردنەکەماندا بچینەوە و بزانین ئەو هەڵانە چیە ڕووی داوە..؟ ئایا بەردەوام بین یان وازی لێ بهێنین.**

**بیروڕا زۆر تاوتوێ کرا، ئەم کارە گەورە و گرانە دەبێت 76 دەنگ لە پەرلەمانی هۆڵەندی پشتگیری بکات ئەو کاتە لە ژووری دووەمی پەرلەمان دەنگی پێ دەدرێ، جێگەی داخە لە 150 هەزار کوردی دانیشتووی هۆڵەندە بە هەموو پارچەکانی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە تەنها 5 هەزار ئیمزا کراوە، ئەو دەنگانەی تر کە لە دەرەوەی هۆڵەندە کراوە بەتاڵە  ناتوانرێت ئەو 76 دەنگەی پەرلەمانی هۆڵەندی پێ ڕازی بکرێت.**

**بۆیە پێشنیاری ئەوە کرا بەشدارانی  ئەم کۆبونەوەیە لە شێوەی ڕیچکخراوێکی نوێدا ماڵپەڕیچکی تازە تایبەت بەم مەسەلەیە دروست بکەن، هەرکەس بە گوێرەی توانای خۆی کاری بۆ بکات و گفتی ئەوەیان بەیەکدا لە کۆبونەوەکی دیکە ڕێوەشوێنی کارکردن دەست نیشان بکەن.**